www.kurdistannet.org
27/06/2003 11:58

# زیندان و سێبەرەکان

نەریمان مۆریاسی

ئەوە یەکێکە لەو شەوانەی ئارەزووی دیتنی خەون و هەڵمژینی بۆنی گوڵەکانیش نامێنێ، لەو شەوەدا شتە بێگانەکانیش ئارەزوویان دەشکاو لەگەڵ یەکتریدا قسەیان دەکردو زۆر جار لەیەکدیش تێدەگەیشتن و سەریان بۆ یەکتری دەلەقاند، تەنیا من بووم لەو شەوەدا نە لەگوڵەکان و نە لەئەستێرەکان و نە لە پشیلەکان و نە لە جلکەکانی خۆشم تێنەدەگیشتم، جا ئەوە چییە تەنانەت لە خەونەکانم و یادگارەکانیشم تێنەگەیشتم، ئەو خەونانەی کە بیرم دێ شەوگارانێك چەند جارێ دەمبینینەوەو رایاندەچلەکاندم جا ئەو کاتە یا تا بەیانی دەگریام و هەڵدەلەرزیم یاخود خۆم مت دەکردو دەستم لە ملی ئەوان دەکردو زۆر دڵپاکانە پێم دەوتن ( (من ئێوەم خۆشدەوێ و پێویستە ئێوەش منتان خۆش بوێت، ئێ خۆ ئێوەش دڵتان هەیە) ) زۆر جار بوو ئەستێرەیەك دەهاتە خوارەوە، لەبەردەم پێخەفەکەمدا نینۆکە درێژەکانی بۆ رادەکێشام منیش بێگوناهانە پێم دەوت ( (وەرە ژێر بەتانیەکەوە) ) ئەو نەدەهات و منیش تا بەیانی دەگریام و لە هاتوچۆی ئەستێرەکان دەترسام.

ئەوە شەوە سەر تەنافەکەمان دەریایەکی هەڵچوو بوو، جلەکانی بەردەدایەوەو سێبەرەکانی ختسبووە سەمایەکەوە کە پشیلەکانی سەربانەکەی ئێمەو دراوسێکانیشی کۆکردبۆوە، ئەو شەوە من ئێوارانێکم بیر کەوتەوەکە لە ترسێکی بێماناداا بزەی کچێکم بەفیڕۆدا، دەبێ ئەو کچە چی بە من وتبێ، دەبێ بیری لەوە کردبێتەوە من ترسا بێتم، باشە لە چی ترسا بێتم؟ رەنگە لە قسەی ئەو پیرەژنە شەش پەنجەیە ترسا بێتم کە بەیانییەکی زستان، زستانێکی زۆر دوور لە کۆڵانە قوڕو چلپاوەکەماندا منی گرتو پێمی گوت: ( (هەموو کچ و ژنە موسلمانەکان خوشکتانن، کە گەورە بوویت ئەوە لە بیر نەکەی) ) . ئەو ئێوارانەی لە دیمەنی لەنجەو شەقام و سەمای رۆحەکان تێر نەدەبووم وەك ئەو ئێوارە دوورانە وابوو کە نەیاندەهێشت پڕ ئارەزوو خۆم لە قوڕولیتەی کۆڵانەکەمان هەڵکێشم و لە کەسیش نەترسم، ئەو ساتانە زۆر غەمگینن، ئێوارەکان بەبێ ماڵئاوایی لەگەڵ شەوگارێکی وەك ئەم شەوەدا بەجێم دێڵن بەبێ ئەوەی وەڵامی ملیۆنەها پرسیاری ساکارو بێ گوناهم بدەنەوە، ئەو شەوە من بینیم کراس و پانتۆڵە شۆڕاوەکە بوونەتە یەك جەستە. من یەکەم جار وامزانی پارچەیەکیان با بردوێتی یاخود کەوتوونە سەربانی دراوسێکەمانەوە، ترسام و هێواش هێواش لەتەنافەکە نزیك بوومەوە بینیم یەك جەستە بوون، شنەی باکە هێندە ناسك بوو موچڕکەی بەلەشمدا هێناو، تەنافەکە لەگەڵ شنەی باکەدا لەنجەی دەکردو جەستەی کراس و پانتۆڵەکەی دەلەراندەوە هەنگاوێکم مابوو بگەمە لای تەنافەکە، زانیم هیچیان بانەیبردون دەستم لێکردن هێشتا وشك نەبووبوونەوە، ئەو شەوانە زۆر غەمگینن کە کەسێ نەبێ باسی جوانی ئێوارەکانی بۆ بکەی، شەوێ نەبوو هانا بۆ مانگ و ئەستێرەکان نەبەم، نەبوو شەوێ نەبوو پەنا بۆ بای شەماڵ نەبەم تا نامەیەکم بۆ بگەیەنێتە دەستی ئەو کچەی کە لە ئێوارەیەکی کزۆڵدا نەموێراو شەرمم کرد دوو حەرفی لەگەڵدا بڵێم، ئێمە لە رۆژگارەکانماندا ترسنۆك بووین، شەوگارو ئەستێرەکانیش ناهەقیان نەبوو بە نزاوو ئاه و ناڵەکانمان و تەنیایی شەوگارەکانمان پێدەکەنین هەقی خۆیان بوو مانگ و ئەستێرەکان گاڵتەیان بەخەیاڵی خاومان دەکرد، شایستە بووین کاتێك شەوگارەکان دەیانخەڵەتاندنین و بەدزییەوە نامەکانیان دەخوێندینەوەو فریویان دەداین، خەمناك بوون ئەو ئێوارانەی گرێکانمان بۆ نەکرانەوە. ئەمجارە کاتێ سەیری سەر تەنافەکەم کردەوە بینیم کراس و پانتۆڵەکەم لەیەکدی ئاڵاونەتەوە بەرەو لای تەنافەکە چووم، رەشەباکەش توندی کردو تەنافەکەی لەراندەوەو کراسەکەم کەوتە خوارەوەو دەرلنگێکی پانتۆڵەکەشم لەوێ مایەوە، هەڵمخستنەوەو بۆسەر جێگەکەم گەڕامەوە من نەمدەزانی ئەو جووتە لەشە بێگیانە بۆ ئازارم دەدەن بۆ ئێوارە نامۆکانم بیر دەخەنەوە، ئەو کاتەی چاووم لێبوو رەشەباکە تەنافەکەی دەلەراندەوەو کراس و پانتۆڵەکەی گرمۆڵە کرد من بەتەنیاو بێئاگا لە کۆڵانێکی باریکدا دەسوڕامەوە ئافرەتێکی شۆخم بینی راوەستاوە سەیرم کرد ئەو بانگم دەکا، چووم بۆ لای کراسەکەم لە دواوە رەشەباکە دەیلەراندەوە چووم بۆ لای ئەو بۆ خانوویەکی سەوز چوو بە دوایا چوومە ژوورەوە مەزاری پیاوچاکێکم بینی، من پێیم – وت ( (ئەی ژنە باشەکە دوعایەکم بۆ ناکەی) ) ؟ ئەویش وتی: ( (ئەوە شێخەکەمانە هەموو پیرۆزیی و کەرامەتێك لای ئەوە) ) وتم. ( (ئاخر ئەو شێخە دەمێکە وەفاتی کردووەو ئێستە رۆحیانەتەکەی لە جیهانە بەرزو رۆشنەکاندا

www.kurdistannet.org
27/06/2003 11:58

جێگیر بووە) ) ئەو پێمی وت: ( (باشتر مردووە حەز ناکەی ئاوا چۆڵ و هۆڵ بێ وەرە) ) منیش لەرزێکی توندم لێهات و بەپەلە لە دەرگەی مەزارەکەوە هاتمەوە دەرەوە، بینیم دەستەکانم وەك سەردەستەکانی کراسەکەم سپی هەڵگەڕاوون و هەریەکەیان بەلایەکدا رێدەکەن و دواتر لە یەکدی جودا دەبوونەوە قاچەکانم لای ئەژنۆمدا دەشکان و دەمبینی لەد وای خۆمەوە بەجێدەمان و خۆلاسە بووم بە سەدان پارچەوە، هیچ تێنەگەیشتم پێویست ناکات ساتەوەختە شیرینەکان دووبارە ببنەوە، جا بۆچی دووبارە ببنەوە؟ ساتەوەختە تاڵەکانیش هەردووبارە نەبنەوە چاکە، با بڕۆن ئەو ساتە وەختە بێمانانەی تەمەن، با بڕۆن ئەمجارە دیسان سەیری تەنافەکەم کردەوە بینیم هیچیان لەوێ نەما بوون حەزم دەکرد بگریم ئەو شەوەش نەگریام من خەمم بوو کەوتبێتنە کۆلاّن و بەرەلاّ بووبن، پشیلەکەم راونایەوەو تەواوی سەربانەکە گەڕام هیچیانم بۆ نەدۆزرایەوە، رەشەباکە هەرچی تەپوو تۆزی سەربانەکە هەبوو دەیدا بەسەروچاومدا هەرچۆنێ بوو توانیم لە سوچێکی پەنهانی هەورەبانەکەماندا جەستەی تەڕی کراس و پانتۆلەکەم بدۆزمەوە هەردووکیان وەها لەیەك ئالاّ بوون، نەتدەتوانی لێکیان جیا بکەیتەوە، لەو شەوە تەنیاو بێدەنگەدا من و ئەستێرەو رەشەباو پشیلەیەکی نەناسراو تەنیا دیار بووین، من ئەو پشیلەیەم پێشتر نەدەبیوو دەمویست بزانم لە کەیەوە لەو سەربانەیەو بۆچی شەوانی دیکە دیار نەبوو نەمدەناسیو نەمدەزانی لەو سەربانە چۆڵ و پڕ تەم و تەپۆتۆزاویەدا چیدەکا، لەو شەوەدا یەکێ شەوگارێ رەشەبایەك یادگارێ پشیلەیەك دەنگی گریانی مناڵێکی ساوا منیان نیگەران دەکردو وایان لێدەکردم حەز بە گریان و رشانەوە بکەم، من بێچارە دەمویست پێیان بڵێم بۆ وا دەکەن و چیتان دەوێ، ئەوان وەلاّمیان نەدەدایەوە تاقە شتێکیان کە نوزەی لێوە دەهات پشیلەکە بوو ئەویش من لێی تێنەدەگەیشتم، چوومەوە بینیم ئافرەتە شۆخەکە دێتە دەرەوە رووت و قووت پەمەیی بوو یاری بە گۆی مەمکی دەکرد کاتێ لێوی خستە سەر لێوم بەگوێما چرپاندی زووکە ئەو نووستووە خۆشەویستی و مەرگ تێکەلاّوبوون ئاگام لێبوو دەبوینە یەك جەستە، ئەو دەیوت: ( (ئەمشەوو لە دەرەوەی رۆژگارەکان وشەو گارەکانەو لە دەرەوەی خەونەکان و یادگارییەکانتانە، دەیوت داهاتوو دیار نییە، خەونەکانت مەشارەوە چی فرمێسکی قەتیسماوت هەیە بەریبدە) ) پێم وت: ( (باشە ئەمشەوو کام ساتەیەو کام شەوەیە) ) وەلاّمی نەدایەوە، زمانی بیرچوو بۆوە هەنگاوێکی دیکەم نا، رەشەباکە چەند پارچە نایلۆن و کاغەزی هەورەبانەکەی لەسەر جەستەی کراس و پانتۆلەکەم بەرز کردەوەو جوولەی بەقاچێکی پانتۆلەکە کرد وا دەهاتە پێش چاوو هەولّی راکردن بداـ هەنگاوێکی دیکەم نا رەشابەکە تەواوی کاغەزو نایلۆن و تەپ و تۆزی سەر ئەوانی بەرەو رووم هێناوو ئەوانیش لەنێوان هەردوو قاچمەوە بەرەو لایەکی دیکەی هەورە بانەکە چوون و لە یەکدی جیابوونەوە.

ئاخر من بۆیە حەزم دەکرد لەگەڵ ئێوارەکاندا بڕۆم چونکە شەوگارەکان بێدەنگ و تەنیان و قسە نازانن و شەرمنن من شەرمیان لێدەکەم! جگە لەوەش ئەوان هەر لەیەك مۆڕ دەبنەوەو هەموویان خۆیان بۆ دەرکەوتنی کازێوە کڕ کردووە ( (ئەی ئێوارە قرمزییەکانی تەمەن بۆ هەر کوێیەك دەڕۆن منیش ببەن، مەمدەنە دەستی شەوگارەکان) ) من ئەوەندە تەماشای باراناوی ئێوارەکانم کردووە چاوەکانم بوونەتە دوو رووبار، سێبەرەکان دەهاتن و دەچوون جار جار سەرێکیان بەلای کراس و پانتۆلەکەدا لار دەکردەوە گەر سێبەرەکان هەستن ئەستێرەکان مەست بن تەنافەکان گەرم بن ئەو کاتەیە مانگەکان پێدەکەنن و دەستی پیاوی ناو زەلکاوەکە دەگرن و پێیشی دەڵێن ئا ئەوەیە رۆحی شتەکانی شەوگار سێبەرەکان هێندە لە تەنافەکە نزیك دەبوونەوە خەریك بوون جووت دەبوون، زۆر جار دەستیان لە قژی یەکدی دەئالاّندو دانە جیرەیان لە یەکدی دەکرد زۆر جاری دیکە سێبەرێکیان دەیقیژاندو بەوانی دیکەی دەوت زوو کەن وا خەریکە کازێوە دەردەکەوێ، سێبەرێکیشیان کە ئەو وای وت دەیقیژاند، ( (ئێمە لە کازێوەو رۆژگارەکان ناترسێین، ئێمە رۆحی شتەکانین) ) کەس نەبوو شتێ نەبوو بەرەلاّیی ئەو سەربانەی ئەو شەوە راگرێ، پشیلەکە قاچی خستە سەردەمی سێبەرێك ئەویش بە هەمو توانایەوە یەك گازی لە قاچی گرت و گوێم لێبوو پشیلەکە تا درەنگانێ دەنووزایەوە، سێبەرەکان لە کراس و پانتۆلەکەم خراپتر بوون خەوییان لە چاوم حەرامکردبوو، زۆر جار دەچوونە بن سوچەکانەوە زۆر جار دەهاتنە سەر سەرینەکەم و قەرەوێلەکەیان دادەپۆشی زۆر جاری دەیکە سێ چوار سەربان دوور دەکەوتنەوە لەوێوە سەمایان دەکرد، من ئێستە پێکەنینم بەخۆم دێ کە لەو شەوەدا بەهەموو عەقلێکەوە هەستا بوومەوە سەر پێ و ئەم سێبەرم دەگرت ئەو سێبەری دیکە کراسەکەمی رادەکێشاو جارێکیان سێبەرێکی سەر زڵم گرتبوو خستبومە ژێر پێمەوە و

پێم وت هاروهاجی دەکەی ئەویش دەیوت ( (نەخێر) ) کە ئەو دەیوت نەخێر بە جارێ بە یەك دەنگ تەواوی سێبەرەکان دەیانقیژاندو دەیان وت: ( (بەڵێ تا ئەستێرە دیار بێ هاروهاجی دەکەین) ) دوو سێبەری لاو چوونە سەر قەرەوێلەکەو سەرین و چەرچەف و قەڵەم و سەعاتەکەیان رفاندم، منیش نەمکردە نامەردی رامکرد بەدوایاندا دە کۆڵان و دوو سەد سەربان بە دوایاندا رامکرد، کە شتەکانم دەستکەوتەوە سەیر دەکەم لە سەر قەرەوێلەکەی خۆمم سێبەرەکان خەوویان نەدەهات و نەشدەهاتنە ناوو خەونەکانمەوە نزیکی کوژانەوەی ئەستێرەکان بوو بیرێکی باشم بۆ هات کراس و پانتۆلەکەم بەقاچ لە یەکدی جیا کردەوە، ئیتر نازانم سێبەرەکان گریان دابوون یاخود خۆیان وایاندەکرد پێم وتن بۆ وا دەکەن ئەوان هەر دەلەرینەوە، ئەو شەوە بۆ سەدەمین جار بەسەر تەنافەکەدا هەڵمواسیبونەوە بەو هیوایەی کە چیدی بە دوایاندا ئەم سەربان و ئەم کۆڵان نەکەم، ئەمجارە وەك جاران هەڵمنەواسین سەد جلگرەم هێناو جەستەی هەریەك لە کراس و پانتۆلەکەم قایمکرد هەردووکیانم لە یەکدی دوور خستەوە یەك کومباری گەورەشم لە نێوانیاندا هەڵواسی بۆ ئەوەی هەم لێی بترسێن و هەم سەرتەنافەکەش تۆزێ قورس و گیر بێ، من خەونم بەو شەوەوە دەبینی کەجلەکان و سێبەرو تارماییەکان تیایدا شێتگیر نەبن من نەمدەزانی ئەوەی کراس و پانتۆلەکەم شێت دەکات رەشەباکەیە یا سێبەرو تارماییەکانن یاخود شتێکی دیکەیە، من لە خەیاڵی ئەو شەوگارە دوورانەدا بووم کە بەتارماییەکانم دەوت ( (من ئێوەم خۆش دەوێ) ) کاتێ بینیم سەرتەنافەکە هیچ شتێکی بەسەرەوە نییە تەنیا دوو تارمایی نەبێ سەمایان دەکردو دەستیان خستبووە سەرشانی یەکدی و جار جار زمانیان بۆ دەردەهێنام و جار جار جرتێکیان بۆ لێدەدام و دەستیان درێژ دەکردو پێدەکەنین، من بەرەو تەنافەکە چووم بینیم پشیلەکە خوێنی لێدەرِواو ئەو ناوەی سوور کرد بوو، تەواوی جلگرەکانیش هەپرون بە هەپرون کرا بوون و کومبارەکەش یەك بازنەی گەورەیان تێکرد بوو فرێیان دابووە خوارەوەو دوور نییە جرتێکیان بۆ ئەویش لێنەدابێ، کومبارەکە لەپیرە مێردێکی دڵناسك دەچوو کە دوو منداڵی زیتەڵەی چاو زەق دڵیان شکاندبێ کومبارەکە هەڵکورمابوو مشتێ سێبەر بوو هیچی تر، من پێم سەیر بوو سەد جلگرەیان بەچی شکاندبوو، جلگرەکان وایان لێهاتبوو هیوای چاکبوونەوەیان نەبوو من دڵم بەکومبارە بالا بەرزەکە دەسووتاوو چووم دڵنەوایی بدەمەوە، سێبەرێك هات و وتی من دەزانم کراس و پانتۆڵەکە بۆ کوێ چوون، من گوێم بە ئامۆژگاریەکەی نەدەدا، لەو کاتەدا من و سێبەرەکان و تارماییەکان دەمانبینی پشیلەکە بەیەکجار چل و حەوت بەچکەی بوو ئاگاشم لێ بوو دوو سێبەری دیکە بە دزییەوە دەیانووسیت من نەزانم چوون پارچەیەك کومباری بچوکیان لە ژێر کومبارە دراوەکەدا داناوو وتیان: ( (ئەها کومبارەکەش بەچکەی بوو ئیدی خەم مەخۆ) ) ئاگام لێبوو بەباڵای هەورەکاندا هەڵدەزنام، لە هەورێکی بالا بەرزەوە ئالا بووم لە سەر رێگەدا شان بەشانی ئێمە هەوری پرتەقاڵی هەبوو، هەوری خۆڵەمێشی و شین و دەریاچەی مۆرمان دەبینی، گوڵیان دەرکرد بوو زۆر کەناری لماویان دەبینی مرواریەکان و ماسیەکانی بەیەکەوە هەڵدەپەرین لەسەر تاشە بەردێکی گەورە بینیم کراس و پانتۆڵەکەم خۆیان داوەتە بەر سێبەرێکی تاریك و رەش ویستم بەرزیان بکەمەوە ئەوان دەبوونە پارچە پارچەی چوار گۆشە چوار گۆشەو دەبوونە گوڵی سوورو مۆرو بۆنێکی خۆشیان ئەدایەوە، ئەو شەوە شتەکانی گەردوون قسەیان دەکرد منیش قسەم دەکرد کەسیش لە کەس و شتێکیش لە شتێ تێنەدەگەیشت منیش لە هیچیان تێنەگەیشتم تەنیا ئەوە نەبێ سێبەرێك پێی وتم: ( (زانیوتە تۆش تەنیا سێبەرێکی گۆشتنی و هیچی دی) ) وتم ( (چۆن) )

وتی: ( (وەرە بۆت باس بکەم) )

سێبەرەکان لە کازێوەدا توانەوەو ئەستێرەکانیش کوژانەوەو ئێمەش چووین گۆرانی بلێین.
هاوینی ١٩٩٣سلێمانی

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.